# دەبێ کۆمەڵگا لەئیسلامی سیاسی پاکبکرێتەوە

## سەبارەت بەتیرۆری "تیۆ فان خۆخ" قارەمانی ئازادی بەیانی هۆڵەندی




تیۆ فان خۆخ دەرهێنەری سینەمایی هۆڵەندی،کە پەیوەندی فامیلیی ئەچێتەوە سەر ڕەسامی بەناوبانگی جیهانی فان خۆخ،ولەهۆڵەندا بەقارەمانی ئازادی بەیان ناسراوە،وئەم دواییانەش بەشوێن پەخشی فیلمە بەناوبانگەکەیدا بەناوی "تەسلیمبوون"ەوە لەتەلەفزیۆنەکانی هۆڵەنداوە،کە نمایشێکی درووست وڕەخنەگرانەی ئاستی دڕندەیی وتوندوتیژیی فەرهەنگی ئیسلامی دەرهەق بەژنان خستۆتەڕوو،چەندین جار بەرەوڕووی هەڕەشەی کوشتن بووبووەوە،سەرلەبەیانی ئەمڕۆ 2نۆڤەبەر2004 لەشاری ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا لەلایەن پیاوێکی مەغرییبیەوە تیرۆرکرا.

فان خۆخ ئەم فیلمەی بەهاوکاری ئەیان هیرسی علی ژنە سیاسە تمەداری هۆڵەندی ئە نجامداوە،کەبەئەسل سۆمالییە وخۆی لەدەستی زەواجی ئیجباری هەڵاتووە بۆ هۆڵەندا.ئەیان هیرسیش کەوازی لەئایینی ئیسلام هێناوە،لەلایەن ئیسلامی سیاسییەوە بەکوشتن تەهدید کراوە ، وبەدوای پەخشی فیلمی "تەسلیمبوون"دا تائێستا لەژێر چاودێری وپارێزگاری پۆلیسدا ژیان بەسەرئەبات.

ئەم فیلمە بەشێوەیەکی درووست توندوتیژی دەرهەق بەژنان لەو کۆمەڵگایانەدا کەئیسلام لێدراون وفەرهەنگی ئیسلامی تیایاندا بەشێکە لەدەستووری وڵات نیشانئەدات.فیلمی "تەسلیمبوون" سەرگوزشتەی ژنێکی موسلمان ئەگێڕێتەوە کەبەزۆر ناچارکراوە بەزەواج لەگەڵ پیاوێکدا کەبەدڕندانەترین شێوە مامەلەی لەتەکدا ئەکات، وەلەلایەن مامیشیەوە ئیغتیساب وتەجاوەزی جنسی کراوەتەسەر.

ئەو هێزە ڕەشەی کەلەسایەی پڕوپووچی هێنانی دیموکراسییدا بۆ عێراق، بەشوێن پەلاماری سەربازی ئەمریکادا،باشترین مەیدان وزەمینەی چالاکی وهەلسووڕانی پەیداکردووە.وەنزیکەی دوو سالە بەتیرۆر وکوشتاری کوێرانەی خەلکی مەدەنی وژن ومندالی عێراقی 100هەزار ئینسانی ئەم وڵاتەی کردۆتە قوربانی ململانێی نێوان ئەمریکا وئیسلامی سیاسی.دەولەتانی ئەوروپاییش بەگرتنەبەری سیاسەتی فرەکولتوری ونیسبیەتی فەرهەنگییەوە مەیدانیان ئاوەڵاکردووە بۆ هەلسووڕانی دەیان وسەدان دارودەستە وگروپ وڕێکخراوی جۆراوجۆر، تابەناوی خوا وئیسلام وقورئان ومزگەوت وتورەهاتی دینییەوە،بەپانتایی ئەم وڵاتانە پارەوپولێکی زۆروزەوەندیا بۆ

هەلڕشتوون وئەوانیش ئەیخەنەخزمەتی تیرۆریزمی ئیسلامییەوە،هەر ئەو هێزە ڕەش ودژە ئینسانییەیە کەلەسعودیە تائێستاش بەگوێرەی شەریعەتی ئیسلام دەست وپێی ئینسان ئەبڕێتەوە وژن بەکەنیزەك وموتعەی جنسی پیاو دائەنێت.هەر ئەو تارماییە ئینسانکوژەیە کەلەئەفغانستان ژیانیان لەدانیشتوانەکەی حەرامکردبوو،وەژنانی ئەم کۆمەلگایەیان یەکپارچە لەسەرجەم مافە ئینسانییەکانیان بێبەری کردبوو،وهەربەگوێرەی ئەحکامی ئەو یاسایانەی کەلەقورئان وئیسلامدا هاتووە وتیۆ فان خۆخ بەفیلم ومەقالەکانی دلێرانە ڕیسوایان ئەکات.هەر ئەو تاعونەیە کە25 سالە خەلکی ئێران لەگەلی بەرەوڕوو بوونەتەوە وشادی وخۆشی وژیانی قەدەغەکردووە،وجگەلە 150هەزار ئیعدامی سیاسی هەزارەها ژنی ئازادە وخوازیاری ژیانکردنی سەنگسارکردووە.سەرەنجام ئەو دەستە پیسەی خوێنی گەشی دەیان کیژۆلەی نازداری لەدلی وولاتانی ئەوروپاییشدا بەدەستی برا وباوك وهاوسەریان ڕژان،هەر ئەو دەستەیە کە ژیان لەئینسانێکی جەربەزە وقارەمانی وەکو تیۆ فان خۆخ ئەسێنێتەوە.

کۆمەلگای مرۆڤایەتی بە ئیسلامی سیاسی ئالودە کراوە.ئەم بەلایە ئەبێت بەسەر سەری جیهانی شارستانییەوە لابرێت.ئەوە ئەرکی ئازادیخوازان وسکۆلاریزم وکۆمۆنیزمی کرێکارییە.دەولەتی هۆلەندا ودەولەتانی تری ئەوروپایی وڕۆژئاوایی لەپێناوی ڕاگرتنی دەسەلاتیان بەسەر خەلك وکۆمەلگاکانیاندا پیسترین سیاسەتیان گرتۆتەپێش.سیاسەتی فرەکولتوری ونیسبییەتی فەرهەنگی.لەم ڕێگایەوە پەرە بەسیاسەتی ڕاسیستی ودواکەوتوانە ئەدەن و،کۆمەلگا ئیسلام لێدراوەکانیش بەکۆمەلگای ئیسلامی ئەدەنە قەلەم وئیسلام بەبەشێك لەزات وبوونی ئینسانەکان بەخەلك ئەقبولێنن.ڕێگای پاککردنەوەی کۆمەلگا لەم فەرهەنگە پیسە، ڕیسواکردنی فەرهەنگ وسوننەت ونەریتی کۆن ودارزیوی ئیسلامییە و،وەستانەوەیە بەرامبەر بەسەرتاپای ئیسلامی سیاسی بەشێوازەکەی فان خۆخ. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیش هەر ئێستا لەعێراق لەبەرامبەر ڕەشترین وهارترین ڕەوتە ئیسلامییەکاندا بەرەوڕووە وڕوەستاوە.ئالای خەباتێکی سەرتاسەری هەلکردووە بۆ پاککردنەوەی کۆمەلگای عێراق لەئیسلامی سیاسی ونەریتەکانی.

ئێمە وێڕای بەشداری گەرمی خۆمان لەپەژارەی کەس وکار وهاوڕێ وئازیزانی تیۆ فان خۆخ وسەرجەم خەلکی ئازادیخوازی هۆلەندا، لەهەمان کاتدا ئەوپەڕی نارەزایەتی و دژوەستانەوەی خۆشمان بەرامبەر بەم تاوانەی ئیسلامی سیاسی ڕائەگەیەنین وداوا لەسەرجەم حیزب ولایەن ورێکخراوە سیاسی وکرێکاری وجەماوەرییەکانی هۆلەندا ئەکەین،کەنارەزایەتییەکانیان تا هەلوەشانەوەی سیاسەتی فرەکولتوری درێژەبدەن و،لەپێناوی قەدەغەکردنی کردنەوەی مزگەوت وخوێندنی دەرسی دینی وحجابی منالان وحجاب لەخوێندنگاو شوێنە ڕەسمییەکاندا خەباتیان یەکخەن.

مردن وڕیسوایی بۆ ئیسلامی سیاسی

سەربەرزی بۆ تیۆ فان خۆخ

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ـ ڕێکخراوی هۆلەندا

2 نۆڤەمبەر2004

ژمارە تەلەفۆنی لێپرسراوی ڕێکخراوی هۆلەندا: 0031626730602 E-Mail: mgafor@yahoo.com